



# سێ خولەک شەحنی بکەوە کاتژمێرێک سوودی لێوەربگرە

ئەگەر حەزت لە وەرزش دەکەیت و رۆژانە ماوەیەك بەپێ دەڕۆیت، کۆمپانیای سۆنی وەکمەن واتە media playerێکی بەرهەم هێناوە کە تەواو بۆ ئەم مەبەستە گونجاوە، وەکمەنەکە دژە تەڕبوونە و دەتوانیت لەگەڵ خۆت بۆ مەلەوانگەکانیش بیبەیت و لە کاتی مەلەکردندا گوێ لە مۆسیقا بگریت!

وەکمەنەکە شوێنی هەڵگرتنی 4 گیگابایتی هەیە، واتە دەکرێت هەزاران گۆرانی لە وەکمەنەکەدا هەڵبگریت، گرنگترین تایبەتمەندی وەکمەنەکە ئەوەیە بەیانیان هەتا دەموچاوت دەشۆیت واتە بە سێ خولەك ئەو شەحن دەبێتەوە و کاتژمێرێکی تەواو دەتوانیت گوێ لە مۆسیقا بگریت.



## کیبۆردی وایەرلەیسی جۆری llluminated

کۆمپانیای Logitech لە بەرهەمهێنانی کیبۆرد لە ریزی پێشەوەی کۆمپانیاکانی دیکە دێت، بەشێکی زۆری کاری کۆمپانیاکە بۆ بەرهەمهێنانی کیبۆرد تەرخانکراوە. لەم کیبۆردەدا دەتوانرێت تیشکی گڵۆپەکانی باکگراوەندی کیبۆردەکە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بەجۆرێك ستایلی کیبۆردەکە بگۆڕدێت کە ستایلەکەی تەواو جیاواز بێت لە پێشووی.

ئەم کیبۆردە کە وایەرلەیسە هیچ پێویستی بە هیچ کێبلێك نییە، بەڵام بۆ شەحنکردنەوەی کیبۆردەکە پێویستە لە USB کۆمپیوتەرەکە شەحن بکرێتەوە. دوای شەحنکردنەوە دەکرێت هەتا 10 رۆژ سوودی لێوەربگیرێت.

## کامێرایەکی دیجیتالی و خێراییەکی بەرچاو

کۆمپانیای ژاپۆنی JVC کە یەکێکە لە کۆمپانیا ناسراوەکانی بواری بەرهەمهێنانی کامێرای فۆتۆگرافی، لەم ماوەیەدا نوێترین کامێرای HDخۆی بڵاوکردەوە. کامێراکە کە بە کامێرای جۆری GC-PX100 ناسراوە ئەگەری وێنەگرتن بە جووڵەی خێرا بۆ بەکارهێنەر دەڕەخسێنێت و شێوەی تۆمارکردن بە کوالێتی زۆر بەرز هەیە.

کامێرای ناوبراو فیلمە ڤیدیۆییەکان بە کوالێتی سەرووی فول ئیچ دی تۆمار دەکات بەخێرایی 60 فرێم لە چرکەیەکدا و هەروەها 36 مگابایت لە چرکەیەکدا، جگە لەوەش توانای ئامادەکردنی ڤیدیۆی سلۆمەیشنی ئیچ دی و دانانی ئیفێکتی جۆراوجۆر لەسەر فیلمە ڤیدیۆییەکان هەیە. کوالێتی وێنەکانی 12 میگاپیکسلە. هەروەها سیستەمی وای فای لەسەرە بۆ پەیوەندی لەنێوان کامێرا و کۆمپیوتەر بەبێ وایەر، بەکارهێنەر دەتوانێت هەر لەوکاتەی کە فیلم هەڵدەگرتێەوە بە داگرتنی دوگمەیەکی لەمسی 9 وێنە لەسەریەك بگرێت.



# تا کیلۆمەترێک نەڕۆیت سەیری تەلەڤزیۆن ناکەیت!

بە ســـەرنجدان بە سیســـتەمی ژیانی دیجیتالی ئەمڕۆ و هەروەها نەبوونی میکانیزم و شـــێوازێکی گونجاو بـــۆ خواردنی ڕۆژانە، دەبینین کۆمەڵگەی ئەمڕۆ ڕۆژ بەرۆژ قەڵەوتر دەبێت، هەرچەندە تەکنەلۆژیاش هەوڵیداوە هەندێك کێشـــەی قەڵەو بوونی کۆمەڵگا چارەســـەر بکات، بۆ نموونە ئەم ئامێرەی کە بە Ibitz ناسراوە، بەهۆی ئەوەوە دەکرێت کۆنترۆڵی منداڵ بکات لەکاتی سەیرکردنی تەلەڤزیۆن یان گەمەی ئەلکترۆنی لەســـەر کۆمپیوتەر.. ئەم ئامێرە نوێیە چاودێریی چالاکیی ڕۆژانەی منداڵ دەکات، نە تەنیا ئاســـتی چالاکیی ڕۆژانەی تۆمار دەکات، بگرە ئەگەر بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەبێ جوولە ســـەیری تەلەڤزیۆنی کرد، ئۆتۆماتیکی تەلەڤزیۆنەکە دەکوژێنێتەوە و ئیزنی پێنادات هەتا ماوەیەك جوولە و چالاکی نەبێت هەڵنابێتەوە! لە کاتی یاریکردن بە کۆمپیوتەریشدا هەتا جووڵەی پێویستی نەبێت، ئیزنی پێنادات لە قۆناغێکی یارییەکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە دەرباز بێت. ئامێری ibitz لە پاژنەی پێڵاو دەخرێت و کرداری جوڵەی کەســـەکە نیشـــان دەدات و تۆماری دەکات، پاشـــان لە ڕێگای بلوتوســـەوە بـــۆ ئامێرەکانی وەك مۆبایل یان تەبلێت بەڕێ دەکات، وەك زۆر ئامێری دیکـــە زانیاری ورد لەبارەی چالاکیی ڕۆژانە، دەخاتەڕوو، بۆ نموونە چەند هەنگاو ڕۆیشتووە و چەندە وزەت سووتاندووە. چەندە پێویستە خۆت ماندوو بکەیت. ئەگەر منداڵەکە چالاکییەکەی بەپێی پێویست بوو ئەوە خەڵاتی پێدەبەخشێت و دیارییەکی منداڵانە کە بریتییە لە یارییەکی کۆمپیوتەری بۆ دەنێرێت.

# دینگلێک مۆنیتۆر دەکاتە کۆمپیوتەر



کۆمپانیای Dell لە ماوەی ئەم دە ســـاڵەی دواییدا یەکێك بووە لە کۆمپانیا ســـەرەکییەکانی بەرهەمهێنی کۆمپیوتەر بـــە هەموو جۆرەکانییەوە، لەم دواییەدا کۆمپانیای ناوبراو نوێترین ئامێری خۆی لەم بوارەدا خســـتە بازاڕەوە کە دینگلێکە ئەندرۆیدە بەهۆی ئەو دینگڵەوە هەر شاشەیەك کە شوێنی کێبڵی HDMIی هەبێت دەیکات بە کۆمپیوتەرێکی بچووك.

لەم ســـەردەمەدا بـــۆ ئەنجامدانی کاروباری ڕۆژانە پێویســـت ناکات لاپتۆپەکەت لەگەڵ خـــۆت بگێڕیت، چونکە مۆبایلە هۆشمەندەکان زۆربەی ئەو کارانە ئەنجام دەدەن کە دەبێت لەسەر کۆمپیوتەر ئەنجام بدرێن، جگە لەوەش ئامرازی نوێی تەکنەلۆژی بەناوی mini pc واتە کۆمپیوتەری وردیلە بەرهەم هاتوون کە بەقەد فلاش میمۆرییەکە و لە شوێنی کێبڵی HDMI تەلەڤزیۆن یان مۆنیتۆر دەخرێت و دەیکات بە سیستەمی ئەندرۆید. ئامێرەکەی کۆمپانیای Dellش کە بە Project Ophelia ناسراوە، ئەم ئەرکە ئەنجام دەدات، بەڵام جیاوازی لە نێوان ئەو و mini pc دا لەوەدایە کە دینگڵەکەی dell زانیارییەکان لەسەر هاردی مەجازی یان هاردی ئەنتەرنێتی هەڵدەگرێت، واتە بەکارهێنەر لە هەر شوێنێك کە ئینتەرنێت هەبێت دەتوانێت داتاکانی خۆی کە خەزنی کردوون بیان بینێت، پێویست بە هەڵگرتنی لاپتۆپێکی قورس ناکات، جگە لەوەش لەباری ئەمنییەتەوە زۆر باشە، چونکە ئەگەر Opheliaش ون بێت، ئیدی هیچ زانیارییەك لە ناوەوەیدا هەڵنەگیراوە کە جێگای مەترسی بێت. تایبەتمەندییەکی دیکەی دینگڵەکە ئەوەیە کە شاشـــەکە دەکاتە 3d واتە ســـێ ڕەهەندی، هەربۆیە چاویلکەیەکی تایبەت بۆ ســـەیرکردنی فیلمی سێ ڕەهەندی لەگەڵ دینگڵەکەدایە.





# ماژیكێكی تایبەت بە نیگاركێشانی منداڵان

تەكنەلۆژیای سـەردەم منداڵانیشی لەبیرنەكردوون، ئەوانیش بەقەد خۆیان بەشـی خۆیان لە تەكنەلۆژیای سەردەم وەرگرتووە، Crayola بەم دواییە ماژیكێكی تایبەتی بـۆ منداڵان بەرهەم هێناوە تا بتوانن لـە تەبلێتی ئای پەد زیاتر سـوود وەربگرن، بە جۆرێـك بتوانن كە نیگاری منداڵانەیان لەسـەر تەبلێتی ئای پەد بێ گرفت بكێشنەوە. ماژیكە نوێیەكەی كۆمپانیای ناوبراو كە بە light maker ناسـراوە وەك ماژیكێكـی رەنگی دەچێت. خاڵی جێگای سـەرنج ئەوەیە كە ئەو ماژیكە بەهۆی كامێرای تەبلێتەكەوە جووڵەی دەسـتی منداڵەكە دەناسێت و ئەو جووڵانە دەكاتە هێڵی دیجیتالی. لەگەڵ ئامێرەكە چەند پرۆگرام و یارییەك هەن كە تایبەتن بەو ماژیكە.



# سایتێك بۆ نیشاندانی تەمەنی پیریت

"ئەی تەمەنی پڕ ئەسـرینم ئەڕۆی ئـاوڕ نادەیتەوە" شـەمەندەفەری تەمەن دەڕوات و كەمتر ئەوەیە هەست بە خێرایی ڕۆیشتنی شـەمەندەفەرەكە بكەین، دوای ماوەیەك دەبینین كوێڕا چ زوو وا ڕۆیشت.. سایتی http://www.in20years.com/ تەمەنتان 20 سـاڵ دواتر نیشان دەدات، ئەگەر وێنەی خۆت لەم سـایتەدا دابەزێنـی وێنەیەكی دیكە لـە وێنەی خۆت دەداتێ كە هی 20 سـاڵ دواتری تۆیە، گەر حەز دەكەی دوای 20 ساڵی دیكە چ گۆڕانێك بەسەر روخسارتدا دێت



سـەرێك لەم سـایتە بدە. جگە لەم سایتە پرۆگرامێكیش هەیە هەر ئەم ئەركە ئەنجام دەدات، بەڵام پێدەچێـت بەرهەمهێنەرانی پرۆگرامەكـە ویسـتبیان پرۆگرامەكەیان بكەن بە سـایتێك بۆ ئـەوەی لە جیهانی ئۆنلایندا سوودی لێببینرێت.، وێنەی 20 ساڵییەكە تا ڕادەیەك لە شێوەی رووخساری كەسـەكە بە پیری دەچێت، بەڵام سایتەكە زیاتر بۆ سەرگەرمییە و مەبنای زانستی نییـە. چونكە كە خـۆم تاقیم كـردەوە بەمجۆرە دەرنەچوو، من وێنەی منداڵێكی تەمەن 8 سـاڵیم دانا، كەچی ئەو وێنەی پیری ئـەو منداڵەی دامەوە، نەك وێنەی 30 ساڵی منداڵەكە.. بەڵام دەكرێت بڵێین بۆ نیشاندانی وێنەی پیری مرۆڤەكانە.

# چەنگاڵی ژیرۆك خێرایی خواردنت دەخاتە چاودێرییەوە

یەكێك لەو ئامرازە ژیر و هۆشـمەندانەی كە پیشانگای ساڵانەی CES 2013دا نیشاندرا، چەنگاڵێكی هۆشمەندی ئەلكترۆنـی بـوو كە بە چەتاڵـی HAPlfork ناسـراوە، چەنگاڵەكـە لەلایەن كۆمپانیـای HAPILBASەوە بەرهەم هاتـووە و ئەركی ئەوەیە كە خێرایی و ڕێژەی ئەو خواردنەی كە دەیخۆی بخاتە ژێر چاودێرییەوە.

خێرا خـواردن یەكێكە لە خـووە خراپەكانـی خواردن كە لەهەندێك كەسـدا دەبیندرێـت، ئەو كەسانە بە نەخۆشی هـەرس كردنەوە گیرۆدەن، پسپۆڕانی بواری خواردن و تەندروسـتی لەو بڕوایەدان خێـرا خواردن دەبێتـە هۆی ئەوەی كە جەسـتە بەتەواوی خـواردن وەرنەگرێت و هەروەهـا نەزانرێت كە تا چ ڕادەیەك پێویستی بە خواردنە.

ئەركی سەرەكیی چەنگاڵەكە ئەوەیە كە ماوەی خواردنی بەكارهێنەرەكـەی دیـاری دەكات و بـە ژماردنی پارووی كەسـەكە خێرایـی خواردنەكە دیـاری دەكات، گەر بۆی دەركـەوت بەكارهێنەرەكـەی خێرا خێرا دەخـوات، بەهۆی گلۆپێكی بچووك ئاگاداری دەكاتەوە و جەرەسی هۆشیاری بۆ لێدەدات. خاڵی جێگای سـەرنجی چەنگاڵەكە لەوەدایە كە لەگەڵ وێبسـاتێكی تایبەت لە پەیوەندیدایە و زانیاریی تایبەت بە خواردن و جۆری خواردنەكەی لە سایتەكە نیشان دەدات.






# تەنكترین كاتژمێری دەست لە جیهان

لەم سەردەمەدا هەرچەندە كاتژمێری دەست ئەو گرنگییەی جارانی نەماوە و بۆ زانینی كات كەمتر پشـــت بەكاتژمێری دەســـت دەبەســـترێت، چونكە لاپتۆپ و تەبلێت و مۆبایل و تەنانەت TV و ســـەتەلایتیش كاتژمێری تێدایە و بۆ زانینی كات هیچ كات پەكت ناكەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا كۆمپانیاكانی بەرهەمهێنی كاتژمێری دەســـت كاتژمێری جۆراوجۆر و بە كارایی و توانای زۆرەوە بەرهەم دێنن، بۆ نموونە كاتژمێری جۆری CST-01 كە وەك تەنكترین كاتژمێری جیهان ناسراوە و بارستاییەكەی تەنیا 0.8 ملمە. تەنانەت تەنكتر لە كارتی پێناس یان ریكلامیش. كاتژمێرەكە تەنیا باترییەكی بچووكی تێدایە كە لە ماوەی 10 خولەكدا شەحن دەبێتەوە و هەتا 15 ساڵ شەحنەكەی دانابەزێت.

# تەبلێت یان مێزی نانخواردن!

تەبلێت كە خۆی بریتییە لە شاشەیەك و هیچی دیكە و گشـــت ئەرك و كارەكانی كۆمپیوتەر ئەنجام دەدات، سایزەكەی دیاریكراوە و لە نێوان 13 هەتا 17 ئینجدایە، دیارە ئەوەی دواییان تەبلێتێكی گەورەیە و بۆ هەڵگرتن و راگواســـتن زۆر گونجاو نییە، بـــەڵام كۆمپانیای M3 لە بـــواری بەرهەمهێنانی تەبلێتی مەزن ژمارەیـــی پێوانەیی شـــكاندووە و تەبلێتێكـــی بەرهـــەم هێناوەكـــە شاشـــەكەی 84 ئینجە، واتە زیاتر لە 2 مەترا! هەرچەندە ساڵی رابردووش كۆمپانیای ناوبـــراو تەبلێتێكی مەزنی بەرهەمهێنـــا بوو نزیكـــەی نیو بەقەد ئـــەو تەبلێتی ئێستای.

تەبلێتە 84 ئینجیەكەی M3 لە جۆری چەند لەمسییە و دەتوانێت لە یەك كاتدا 40 خاڵی لەمسی هەست پێ بكات. كوالیتی شاشـــەكە لە جۆری K4 ە واتە چوار بەرابەری فول ئیچ دی. تەبلێتەكە هەر راســـت بەقەد مێزێكی نانخواردن دەچێت و بۆ شـــوێنەكانی راهێنان و فێـــركاری وەك زانكۆ و مۆزەخانە و نەخۆشـــخانە فێركارییەكان ســـوودی لێوەردەگیردرێت، بۆ نموونە لە نەخۆشخانەیەكی فێركاریدا دەكرێت، توێكاری جەستەی مرۆڤ بەشێوەی مەجازی لەسەر تەبلێتەكە بكرێت.





# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێك

خوێنەرێكی بەڕێز پرسیار دەكات كە ئەكاونتێكم لە فەیسبووكدا هەیە، دڵنیام لەوەی كە پەسۆرد و یوزەرەكەم لەبیرماوە، بـــەڵام كە چـــووم بـــۆ دەرەوەی وڵات لەوێ كاتێك دەمویســـت فەیسبووكەكەم بكەمـــەوە، پـــاش ئەوەی كە یـــوزەر و پەسۆردەكەم نووسی، كۆمەڵێك پرسیاری ئاراستە كردم وەك، ئایا دڵنیای كە ئەوە فەیســـبووكی خۆتە، ئەگـــەر دڵنیای نـــاوی دوو هاوڕێیت لە فەیســـبووكدا بنووسە؟ هەندێك پرسیاری دیكە. كاتێك وەڵامەكانم بەباشـــی نووسی، ئەمجارە فەیسبووكەكەی كردەوە، كاتێك چوومە وڵاتێكی دیكەش هەر بەم شـــێوەیە بوو، هۆكاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە بۆ لە كوردستان ئەو گرفتانە نایەنە پێش؟

خوێنـــەری بەڕێـــز ئەمە راســـتە، فەیســـبووك بەم كـــردارەی دەیەوێت كە ئەمنییەتی تـــەواوی ئەكاونتەكەی تۆ بپارێزێت، لە وڵاتێكی دیكە، ســـێرڤێری ئەكاونتەكەی تۆ دەگۆڕێت و IPییەكی دیكەت دەبێت، ئای پی واتە ئەدەرســـی ئەنتەرنێتی وڵاتێكـــی دیكەت دەبێت؟ فەیسبووك بۆیە ئەم پرســـیارانە دێنێتە گۆڕێ، كە ئایا ئەوە كەســـێكی دیكە نییە كە پەسۆردی خاوەن ئەكاونتەكەی زانیوە و نیازی هەیە لەم رێگەیەوە بچێتە ناو فەیســـبووكەكەی، بە وەڵامدانەوەی ئەم پرســـیارانە بـــۆی دەردەكەوێت كە خاوەنـــی ئـــەم فەیســـبووكە خۆیەتی، دیارە لە هـــەر وڵاتێك تەنیا یەكجار ئەم پرسیارانە دەكات.